## ژیلوان حەمەد یاریزانی هەڵبژاردەی یەکەمی سوید:

# هەستم بە سەربەرزی کرد
# وەک کوڕە کوردێک لەو ئاستە یاری دەکەم

■ ژیلوان ئەو کوڕە کوردەی خەڵکی رانیەیە، بەڵام ئەو لە ٦-١١-١٩٩٠ لە شـــاری باکۆی پایتەختی ئازربایجان لە دایکبووە دوای بڕینی قۆناغەکانی یاریکردن لە وڵاتی سوید ئێستا یاریزانی هەڵبژاردەی یەکەمی سویدە، ئێستا ژمارەیەکی زۆری یانەکانی ئەورووپا ســـەرقاڵی ئامادەکارین بۆئەوەی گرێبەســـتی لەگەڵدا مۆر بکەن تا بیگوازنەوە ریزی یانەکانیان، لەم بارەشەوە ئێمە لەسەر ئارەزووی خۆی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازدا.■



***ئەگەر باســـی قۆناغەکانی سەرەتای یاری کردنتمان بۆبکەیت؟**

- لـــە تەمەنـــی پێنج ســـاڵییەوە وەرزش دەکەم سەرەتا لە فێرگەی (بی کەی فۆرۆارد)لە شاری ئۆرۆبرۆ لە وڵاتی ســـوید دەستم بە یاری تۆپی پێی کردوە، هەموو قۆناغەکانی یاری کردنم لەو یانەیە بڕی تا گەیشتمە ریزی یەکەمی یانەکە لە ساڵ ٢٠٠٦ تاکو ساڵی ٢٠٠٨ لە تیپی یەکەمی یانەی بی کەی فۆرۆارد یاریم کردوە.

***چۆن بـــوو چوویتە یانەکەی پێشـــووی ئیبراهیمۆڤیچ کە ئەویش مالمۆیە.؟**

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بە پێی گرێبەستێك یانەی بی کەی فۆرۆاردم بەجێهیشتوو چوومە ریـــزی یانـــەی مالمۆ ئەمســـاڵیش گرێبەستەکەم هەر لەگەڵ ئەو یانەیە بەردەوام دەبێت تاکو کۆتایی ســـاڵی ٢٠١٣.

***هەستت چۆن بوو کاتێك لە ساڵی ٢٠١٠جامی سویدتان بەدەست هێنا؟**

-هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کە من وەکو کـــوڕە کوردێك بتوانم ئەم نازناوە بەدەست بهێنم و ئاستێکی شایستەش پێشکەش بکەم .


***لەگـــەڵ هەڵبـــژاردەی ســـوید بەردەوامیت ؟**

-بەڵـــێ من لـــە قۆناغی تازە پێگەیشـــتووانەوە لە ســـاڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ یاریمکـــردوە ئاســـتم باش بـــووە، دواترلە ساڵی ٢٠٠٧تاکو ٢٠١٢یاریم بۆهەڵبژاردەی لاوانی سوید کردوە ئینجا بۆ تیپی یەکەمی هەڵبژاردەی ســـوید بانگهێشـــت کراوم، ئێســـتاش یاریزانی هەڵبژاردەی ســـویدم لە پاڵ یاریزانەکانی دیکەی وەکو ئیبراهیمۆڤیچ.

*** چۆن بوو بانگهێشت کرایت بۆ ریزی یەکەمی**







**هەڵبژاردەی سوید کە بەزەحمەت یاریزانی خولی سوید وەردەگیرێت؟**

- ئەوەی ڕاســتی بێت من توانیم ئاستی باشم لەگەڵ یانەی مالمۆ پێشــکەش بکەم،لەگەڵ ئەوەشدا کە من و یاریزانێکی دیکەی خولی سوید وەرگیراین،دەنگۆیەکی زۆر دروست بوو لە سوید چونکە زیاتر یاریزانی ســوید لە خولەکانی دیکە وەردەگیرێن، منیش زۆر دڵخۆشبووم بۆ من شتێکی گەورە بوو، لە مانگی ٢ی ساڵی ٢٠١٣بەرامبەر هەڵبــژاردەی ئەرژەنتین یاری دەکەین پەنا بەخوا یەکێك دەبم لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەکە.

*** بۆچی زۆر جار لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان دەڵێیت یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق ناکەم ؟**

-من لــە منداڵییەوە لە وڵاتی ســوید گەورە بوویمــە، نەمزانیوە کە کوردیــش هەیە، بەڵام بۆ مــن زۆر زەحمەتە بێم بۆ هەڵبــژاردەی عێراقی یاری بکەم ئەوە خەونی هەموو کەســێکە کە لە ریزی هەڵبژاردەی سوید یاری بکات، هەر چەندە سیدکا لە ساڵی ٢٠١٠پەیوەندی پێوە کردم گوتی زۆرم پێخۆشــە ئەگەر بێیت بۆهەڵبژاردەی عێراق یاری بکەیت منیش ئەوکات کاپتنی هەڵبژاردەی لاوانی ســوید بووم هیوای ئەوەشم هەبوو یگەمە هەڵبژاردەی یەکەمی سوید، بۆیە ڕەتمکردەوە و پێم باش بوو لە ســوید بمێنمەوە، چونکە هەڵبژاردەی سوید لە پاڵەوانیتی گەورە بەشداری دەبێت وەکو جامی جیهان.

***چۆن دەڕوانیتە راگەیاندنی وەرزشی؟**

-بەڕاســتی کارێکی گەورەیان بۆمن کردووە لە هەموو رۆژنامە کوردیەکان و عێراقیەکان بەردەوام لەسەرمن نووسراوە، ئەمجارەش زۆر کاریان بۆکردم کە هاتمەوە پێشوازییەکی گەورەیان لێکردم.

*** لە کۆتایی ســاڵی داهاتوودا گرێبەستەکەت لەگەڵ مالمۆ کۆتایی دێت بە نیازیت روو بکەیتە چ خولێك؟**

-من یەك ساڵ گرێبەستم لەگەڵ مالمۆ ماوە و ئێستا کارگێڕانی یانەی مالمۆش قسەیان لەگەڵ بریکارەم کردوە بۆ نوێ کردنەوەی گرێبەستەکەم، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە کوردســتانیش گرێبەستم بۆهاتووە لــە خولەکانی ئەورووپــا بەتایبەتی لە بەریتانیا وئەڵمانیاوە، بەڵام بیر دەکەمەوە ئەوکات بڕیار دەدەم.

ماوەی ٥ ســاڵە لە مالمۆ یاری دەکەم ئاستی باشیشم پێشــکەش کردووە، من کاتی خۆی وام دانــا بوو یاری باش بکەم ئینجا روو لە وڵاتێکی دیکە بکەم.جــارێ تەمەنم بچووکە و دەرفەتم لە پێشدا ماوە کاتی ئەوەشم هەیە بتوانم لە یانەیەکی گەورە یاری بکەم ولە یانەکانی ئەوروپاش قسەم لەسەر دەکرێت.

***ناوبانگی هەولێرت بیستبوو؟**

-بەڵێ من لەگــەڵ باوکم زۆرجار لە تیڤیەکان ســەیری هەولێر دەکەین، زۆریشــم پێناخۆش بوو کاتێك لە یاری کۆتایی جامی ئاســیا بەرامبەر کوێتی دۆڕا.

***کە چوویتەوە رانیە یارییەکی دۆســتانەت ئەنجامدا چۆن سەیری ئەو دەڤەرە دەکەیت؟**

- تاکوئێستا یاریگایەکی ١١یاریزانی نییە لە شــاری رانیە چونکــە یاریگاکەیان ٩ یاریزانییە و لێرە کەش باشە و کەچی یاریگایەکی وەکو پێویســت نەبوو، لە ئەوروپا یاریزان شانسی ئەوەی هەیــە ببێتە یاریزانی باش بەڵام بەداخەوە لە کوردستان ئەوەم نەبینی و لێرە ئەم هەلە لە بار نییە کە یاریزانی بەتوانا دروست بێت.

***بڕیارت نەداوە بێیتەوە کوردســتان بۆیەکێك لە یانەکان یاری بکەیت؟**

-من ماوەی ٥ ســاڵە لــە مالمۆ یاری دەکەم، زۆر زەحمەتــە بۆمن بێمەوە کوردســتان و یاری بکەم، چونکە ئێســتا تیپێکی باشــیان نییە لە ئاســتی ئەوروپا بێت تا یاری بۆبکەم من ناتوانم لە ئێســتادا بڵێم دێمەوە بەڵام ڕەنگە لە داهاتوودا کە گەڕامەوە ڕەنگە بە تەمەنتر بم و، یان بێمەوە بۆئــەوەی خزمەت بکــەم و یاریزانی باش بهێنم بۆئەوەی ســوود لە ئەزموونی وەربگرن یان بەهەر شێوەیەکی دیکە بێت.

*** لەوڵاتی ســوید هیچ کات بــۆ هاوڕێیە یاریزانەکانت باسی نەتەوەی کوردت کردوە؟**

- لــە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپــادا نەتەوەی کورد ناوبانگی باشــی هەیە بــە تایبەتی لە وڵاتی سوید ژمارەیەکی زۆر کوردی لێ نیشتەجێیە، لە ســوید لە چاوپێکەوتنەکاندا دەڵێم من کوردم وباســی کوردستانم بۆیان کردووە لەگەڵ هەڵبــژاردەی ســوید ئاڵای کوردســتانم بەرز کردۆتەوە، لەسەردەستیشــم ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستانم کوتاوە.بە شــانازییەوە دەڵێم خەڵکی کوردســتانم بەهەموو هاوڕێیەکانیشــم دەڵێم کورد کێیە.

***بۆچــی وەکــو یاریزانێکــی پیشــەگەر هەوڵنادەیــت کۆمەڵێك یانــە بهێنیتە هەرێمی کوردستان؟**



-ئەگــەر یانەکانــی کوردســتان داوای ئەوە بکەن کارێکی باشە و زۆریش لە تیپەکانی ســوید خۆشــحاڵ دەبــن بەم هۆیــە و منیش لە لایــەن خۆمــەوە هەوڵ دەدەم ئەوکارە بکەم ئەوانیش حەز دەکەن ئەگەر کوردستان ئامادەبێت.

***لە هەڵبژاردەی کوردستان داوا کراویت ؟**

-بەڵی بەس من یاریزانی هەڵبژاردەی سویدم بۆیە من یاریم بۆهەڵبژاردەی کوردستان نەکردوە بەر لە سێ ساڵ بانگهیشت کرام بەس ناتوانم لە هەمان کاتدا بۆدوو هەڵبژاردە یاری بکەم.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- زۆر سوپاسی ئێوە و هەموو راگەیاندنەکان دەکەم کە گرنگی باشــیان بەمن داوەو هەوڵیش دەدەم ناوی کوردســتان لەسەر ئاستی جیهانی بەرزکەمەوە.

# پاڵەوانانی کەرکوک کۆنترۆڵی زۆرانبازیی کوردستانیان کرد

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی زۆرانبازی لە شارەکانی کوردستان و خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە بۆئاستی لاوان، لە شاری سلێمانی بۆماوەی چوار رۆژ بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندی زۆرانبازی کوردستان و بەهاوکاری لقی سلێمانی یەکێتیەکە و بەبەشداری ١٥یانەی شارەکانی کوردستان و زیاتر لە ١٨٠یاریزانی یانەکانی پاڵەوانێتی زۆرانبازی لاوانی یانەکانی کوردستان ئەنجامدرا، لە پاڵەوانێتیەکەشدا کە ماوەی چوار رۆژی خایاند یاریزانانی بەشداربوو لە هەردوو جۆری زۆرانبازیی رۆمانی و سەربەست کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە.ئەنجامی کۆتایش بەمشێوەیە بوو.

جۆری رۆمانی
١-یانەی سەورە
٢-یانەی ئاڵتون کۆپری
٣-یانەی لەیلان
٣-یانەی سۆلاقی نوێ

جۆری سەربەست
١-یانەی زاخۆ
٢-یانەی شۆریجە
٣-یانەی پێشەوا
٣-یانەی دهۆك




## سامح گەڕایەوە یانەی پێشمەرگە

دوای ئەوەی یاریزانی گۆڵکاری خولی کوردستان لە وەرزەکانی ڕابردوودا، سامح رۆستەم بۆماوەیەکی زۆر لە یاریگاکان دوورکەوتەوە بەهۆی تووش بوونی بە پێکانی قورس لە ئەژنۆیدا، دوایین یاریکردنی سامحیش لەر یزی یانەی زاخۆ بوو، کاتێك تووشی پێکانی قورس دەبێت، ئیتر واز لە یانەی زاخۆش دەهێنێت، دوای چاك بوونەوەشی سامح رۆستەم دووبارە پەیوەندی کردەوە بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی،بۆئەوەی لە خولی نایابی کوردستان یاری بۆ یانەی پێشمەرگە بکات، بڕی گرێبەستی یاریزانی ناوبراو ١٣ ملیۆن دینارە و مووچەی یەك ملیۆن دینار مانگانە بۆیەك وەرز یاریکردن لە خولی نایابی کوردستان.لە بارەی گرێبەستەکەشی سامح بە گۆڤاری گوڵانی گوت : دوای ئەوەی تووشی پێکان هاتم و پزیشکەکان ئەوەیان پێ راگەیاندم کە دەبێت بۆماوەیەك پشوو بدەم بە پێی رێنماییەکان. بۆیە منیش لەم ماوەیەدا هەر مەشقی بەردەوامم کردووە بۆئەوەی ئاستی جارانم بگەڕێتەوە، سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەش دەکەم کەمتمانەیان بەمن بەخشییەوە تا گرێبەستیان لەگەڵدا مۆر بکەمەوە.



## خولێکی مەشق و ڕاهێنانی جمناستیک ئەنجامدرا

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی جیمناستیك لە شارەکانی کوردستان و بەرەو پێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان و خزمەتکردنی کوڕان وکچانی کوردستان،لە هۆڵی پەیمانگای وەرزشی هەولێر خولێکی مەشق و ڕاهێنانی جیمناستیکی بەڕێوەچوو، لە خولەکەدا کە ٣٠کەس بەشداربوون، رۆژانە بۆماوەی سێ سەعات وانەکانیان بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکیتکی بۆدەگوترانەوە، عەبدولرەحمان ئادەم سکرتێری یەکێتیی جیمناستیکی کوردستان بەگۆڤاری گوڵانی گوت « ئێمە وەکو بەرنامەی خۆمان دەمانەوێت زیاتر خزمەتی یاریی جیمانستیك بکەین و هەرچی لە تواناماندا بێت بۆزیاتر بەرەو پێشبردنی ئەم یارییە ئەنجامی دەدەین، ئەوە یەکەم خولیش نابێت خولی زیاتریش بۆ ئارەزوومەندانی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان ئەنجام دەدەین.





# هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ سێ راهێنەر مۆرکرد

لە بارەگای یانەی هەولێر بە ئامادەبوونی سەرۆکی یانەی هەولێر د.عەبدوڵڵا مەجید و سکرتێری یانە مەحمود عەزیز و ئەندامی دەستەی کارگێری یانەکە بێجان ئیبراهیم، بەفەرمی گرێبەست لەگەڵ راهێنەری کرواتی رادان و راهێنەری لێهاتووی جەستەیی و راهێنەری گۆڵپارێز مۆرکرد.

گرێبەستی رادان کرواتی بۆ ماوەی یەك وەرزە و سەرپەرشتی تیپی تۆپی پێی یانەکە دەکات لە جامی یەکێتی ئاسیا و خولی بژاردەی عێراق و وا بڕیارە لە رۆژی چوارشەممە بەفەرمی دەست بە کارەکانی بکات و گرێبەستی ئەم راهێنەرە تەنیا مووچەیە.

وهەروەها یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ راهێنەری لێهاتووی جەستەیی کرواتی دالیبۆر ستارگیڤتچ، ئەم راهێنەرە لە رۆژی چوارشەممە دەست بە کارەکانی دەکات و گرێبەستی تەنیا مووچەیە.

بەهەمان شێوە یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ راهێنەری گۆڵپارێز جەلیل زێدان بۆ ماوەی یەك وەرز مۆرکرد و گرێبەستی تەنیا مووچەیە و لە رۆژانی رابردوو بەفەرمی دەست بە کارەکانی کردووە.

چاوەڕوان دەکرێت لە رۆژانی داهاتوو بەفەرمی گرێبەست لەگەڵ یاریدەدەری راهێنەر مۆربکرێت تا بە زووترین دەست بەکارەکانی بکات.

ئێستا دەستەی راهێنەرانی یانەی هەولێر پێکهاتووە لە (رادان راهێنەر، دالیبۆر ستارجیڤتچ راهێنەری لێهاتووی جەستەیی، جەلیل زێدان راهێنەری گۆڵچی، عومەر مەجید بەرێوەبەری تیپ).

# راهێنانی کەمکردنەوەی کێش



پێویستە لەسەر هەموو لایەك پێش جێبەجێکردنی ئەم راهێنانە پەیرەوی ئەم ٣ خاڵی خوارەوە بکەین.

١-دەبێت راهێنانەکان بەشێوەیەك ئەنجام بدەن، کە تووشی سەرسووڕان و ماندوو بون نەبن.

٢- بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەم راهێنانە دوای نان خواردن ئەنجام بدرێت.

٣- پێش ئەنجامدانی ئەم راهێنانە دەبێت بەشێوەیەکی باش مەشقی خۆ گەرم کردنەوە وەکو (یارییەکانی سویدی) ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی تووشی هیچ ئازارێکی لە ناکاو نەبن.

راهێنانی دووەم


دەبێت یەکەمجار لەسەر زەوی درێژ بێت و دەستەکان لە تەنیشت دابندرێت.

دواتر کەمەر و زگ لە زەوی بەرزبکرێتەوە و پاشان هەردوو قاچەکان بەرزبکەینەوە بۆ بەرزترین شوین تا دەتوانین دواتر قاچەکان بەهێواشی نەزم دەکەینەوە.

ئەم مەشقە ١٥ جار دووبارەی دەکرێتەوە.

# جوانترین کچانی وەرزشکاری جیهان لە ساڵی ٢٠١٢




هەفتەی رابـــردوو بابەتێکـــی تایبەت بە جوانترین دە کچە یاریزانی تۆپی پێ لەسەر ئاستی جیهان-مان بڵاوکردەوە، لەم ژمارەیەدا جوانترین ١٠ کچی وەرزشکار لەسەر ئاستی جیهان لە ساڵی ٢٠١٢ بڵاودەکەینەوە، کە بە پێی چەند رۆژنامەیەکی جیهانی بەم شێوەیە پۆلینکراوە.

١-کچە مەلەوانی ئوسترالی سیفانی رایس بە جوانترین کچە وەرزشکار لە ساڵی ٢٠١٢ دەستنیشان کرا.

٢-کچە یاریزانی هۆکیی هۆلەندی ئیلین هۆگ بە پلەی دووەم هات.

٣-کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمەریکا بۆ تۆپی پێ ئەلێکس مۆرگان بە پلەی سێیەم هات.

٤-کچە یاریزانی جومناستیك فنلندی کیرا کۆریی بە پلەی چوارەم هات.

٥-کچـــە یاریزانـــی یارییەکانـــی ئـــاو ئەمەریکی ئەنســـتازیا ئەشـــلی بە پلەی پێنجەم هات.


٦-شۆفێری ئەمەریکی دانیکا پاتریك بە پلەی شەشەم هات.


٧-کچە یاریزانی تێنســـی ســـەر زەوی، رووسی ماریا شـــارەپۆڤا بە پلەی حەفتەم هات.


٨-کچە یاریزانی تۆپی باڵە لەسەر کەنارە دەرياييەکان ئەمەریکی جینیفر کیســـی بە پلەی هەشتەم هات.

٩-کچە یاریزانی گۆلفی ئەمەریکی بلێر ئۆنێل لە پلەی نۆیەم هات.

١٠-کچە یاریزانی تۆپی باسکەی کرواتی ئەنتۆنیا ماسۆرا لە پلەی دەیەم هات.





























١


٢


٣



٤


٥


٦


٧


٨


٩


١٠

# باشترین ١٠ گرێبەستی تۆپی پێ لەساڵی ٢٠١١-٢٠١٢

ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی دەرگای گواستنەوەی یاریزانان گرێبەستی جۆراوجۆر مۆردەکرێت و بە نرخی گران بەها، بەڵام بە پێی رۆژنامە جیهانیەکان پۆلین-ی باشترین دە گرێبەستیان بۆ وەرزی ٢٠١١-٢٠١٢ کرد، کە بەمشێوەیە.

١-مانچستەر یونایتد گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی ئەرسناڵ و هەڵبژاردەی هۆڵەندە رۆبین ڤان پێرسی بە بری ٣٠ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٢-ئەتلەتیکۆ مەدریدس ئیسپانی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا و یانەی پۆرتۆ رادمێر فالکاو بە بری ٤٠ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٣- یانەی پاریس سان جێرمان گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی ئەی سی میلان و هەڵبژاردەی سوید زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ بە بری ٢٠ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٤-یانەی چێلسی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی لیل بە بری ٤٠ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٥-یانەی ئەرسناڵ گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی مەلەگا کازۆلا بە بری ٢٠ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٦-یانەی بروسیا دۆرتمۆند گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بروسیا مونشن گلادباغ مارکۆ ریۆس بە بری ١٧,١ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٧-یانەی بەرشلۆنە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ڤالنسیا خۆردی ئەلبا بە بری ١٤ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٨-یانەی بایرن میونیخ گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی کرواتیا و یانەی ڤۆلسڤۆرگ ماریۆ ماندوزکیتش بە بری ١٣ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

٩-یانەی ئەرسناڵ گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی کۆڵن لۆکاس پۆدۆلۆسکی بە بری ١٣ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد.

١٠-یانەی سوانسی سیتی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی ئیسپانی و یانەی رایۆ ڤالیکانۆ میتچۆ بە بری ٢ ملیۆن جنیە ئەسترلینی مۆرکرد.